ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**کێشەی سڕینەوەی Norton Antivirus 2004**

نووسەر: :@

کێشەی سڕینەوەی Norton Antivirus 2004.
زۆر لەو کەسانەی کە پرۆگرامی Norton Antivirus 2004 یان بەکار هێناوە کێشەیان هەبووە لەگەڵ دامەزراندن یان سڕینەوە.
کێشەکانی دامەزراندن زۆربەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو وەشانەی پرۆگرامەکە خۆی کەموکوڕی هەبێت و نەتوانێت تەواو کار بکات.
هەروەها گەر پرۆگرامەکە بە شێوەیەکی دروست دانەمەزرێت، لە زۆربەی کاتەکاندا سڕینەوەشی بە شێوەیەکی دروست جێبەجێ نابێت.
لەم وانەیەدا هەوڵ ئەدەم بە دوو شێواز چۆنیەتی سڕینەوەی Norton Antivirus 2004 شی بکەمەوە.

ڕێگەی یەکەم،

وەک سڕینەوەی پرۆگرامێکی ئاسایی بڕۆ بۆ Control Panel، پاشان Add Or Remove Programs، هەوڵ بدە پرۆگرامی Norton Antivirus 2004 بسڕەوە، هەروەها Live Updateـی پرۆگرامەکەش.
گەر کێشە هەبوو ئاساییە.
کۆمپیوتەرەکەت بکوژێنەوە و جارێکی دیکە هەڵی بکەوە.

ڕێگەی دووەم،

ئەم ئامرازە بچووکە دابگرە، کە ئامرازێکی تایبەتە بۆ سڕینەوەی Norton Antivirus 2004.
داگرتنی ئامرازی سڕینەوە.




ئامرازەکە دابمەزرێنە. پاشان بڕۆ بۆ Control Panel - Add Or Remove Programs، لەوێدا Complete Remove of Norton 2004.exe بسڕەوە وەک پرۆگرامێک.
گەر پەنجەرەی دیکە کرایەوە، بەڵێ، Yes، کرتە بکە.

ڕێگەی سێیەم،

گەر ئەو دوو شێوازەی سەرەوە سەرکەوتوو نەبوون، دەتوانی پرۆگرامێکی پرۆگرام سڕینەوە بەکار ببەی، بۆ نموونە Your Uninstaller کە لەم بەستەرە دەتوانی دایبگریت.

....http://www.all4kurds.net/modules.p

ڕێگەی چوارەم،

سڕینەوەی نرخەکانی تایبەت بەو پرۆگرامە لە Registry ویندۆز.

کرتە بکە سەر Start پاشان Run کرتە بکە.

بنووسە Regedit و OK کرتە بکە.




HKEY_CURRENT-USER پاشان Software، بگەڕێ بەدوای هەر نرخێکی تایبەت بە Norton Antivirus 2004، گەر دۆزیتەوە، بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەرەکەت کرتەی لەسەر بکە و Delete کرتە بکە.

هیوادارم توانیبێتم چەند ڕێنوێنیەکی ساکارم دابێت بۆ ئەو کەسانەی کە کێشە سڕینەوەی Norton Antivirus 2004 یان هەیە.

کۆتایی.

Oct 2005 13

**Chin Bar**
**Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!**

**Sagging Face Skin?**
**Regain a More Youthful Appearance in 30 minutes! Learn More Now**

Ads by Google